**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣١

سالّی/٢٠٠٢ ـ بەرگی سی و یەک

چاپی یەکەم/سالّی ٢٠٠٢

# پێرست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ـ دوو شەممە ١٣/٥/٢٠٠٢ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ـ یەک شەممە ١٩/٥/٢٠٠٢ ل٥٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ـ سێ شەممە ٢١/٥/٢٠٠٢ ل٦٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ـ چوار شەممە ٢٢/٥/٢٠٠٢ ل٧٠

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەژدە ـ دووشەممە ٢٧/٥/٢٠٠٢ ل١١٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆزدە ـ سێ شەممە ٢٨/٥/٢٠٠٢ ل ١٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست ـ سێ شەممە ٤/٦/٢٠٠٢ ل١٩٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و یەک ـ چوار شەممە ٥/٦/٢٠٠٢ ل٢٤٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و دوو ـ سێ شەممە ١٨/٦/٢٠٠٢ ل٢٧٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وسێ ـ چوار شەممە ١٩/٦/٢٠٠٢ ل٣٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وچوار ـ دووشەممە ٢٤/٦/٢٠٠٢ ل٣٤٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وپێنج ـ سێ شەممە ٢٥/٦/٢٠٠٢ ل٣٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وشەش ـ یەک شەممە ٣٠/٦/٢٠٠٢ ل٤٢٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە یەک ـ شەممە ١٠/٨/٢٠٠٢ ل٤٦٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە یەک ـ دووشەممە ١٢/٨/٢٠٠٢ ل٤٦٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە دوو ـ سێ شەممە ١٣/٨/٢٠٠٢ ل٤٧٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە سێ ـ پێنج شەممە ٣/١٠/٢٠٠٢ ل٥١١

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــێـــــدری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەقی داواکاری ئەندامانی پەرلەمانتان بۆ دەخوێنمەوە سەبارەت بەم پرۆژەیە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق پرۆژەی هاوپێچ ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین تکامان وایە عەرزی سەر پەرلەمان بکرێت بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لەگەڵ ڕێزماندا، ئەو بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە ، ١ـ د. ناصح غفور، ٢ـ جلال خۆشناو، ٣ـ أنور محمد، ٤ـ محمد أمين مولود، ٥ـ يوسف جميل ميران، ٦ـ جوهر أحمد شاواز، ٧ـ سيروان كاكەیی، ٨ـ وريا دزەيى، ٩ـ ظاهر محمد، ١٠ـ د.لطيف محمود، ١١ـ فاضل رؤوف.

ئێستا دێینە سەر دەقی پرۆژەکە:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

إستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع مايلي:ـ

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢

**المادة الاولى:**

تعتبر المدة التي يقضيها الحقوقي في عضوية المجلس الوطني لكوردستان العراق خدمة قضائية فعلية لغرض التعيين والترقية والترفيع.

**المادة الثانية:**

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوري شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو وتارە بەهێزەی، بەڕێزان بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئافرەتانی کوردستان دەکەم. پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەم بۆ ئەم دەستکەوتە مەزنە کە ئافرەتانی کوردستان هەنگاوێکی تری بەرەو پێش برد، هیوادارم ئەمە دوا هەنگاو نەبێت هەنگاوی تریشی لە دوا بێت، دووبارە سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم و، بەردەوام دەبین لەسەر کاروبارمان دەچینە سەر خاڵی دووەم.
خاڵی دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیاری ئیلغا کردنەوەی بڕیاری ژمارە (٣١) لە ١٩٩٧/١١/٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە، بۆ زانیاری ئەم بڕیارە بڕیارێکی سیاسیە لە حەقیقەتدا و، لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەن رامان وایە کە ئەمە لە کاتێکی گونجاودا بڕیاری لەسەر بدرێت، بڕیارەکە بۆ ئەمڕۆ نییە لە حەقیقەتدا، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم مەوزوعە دوابخرێت بۆ کاتێکی تر و، دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ تەئجیل کردنی، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی ژمارە دوو پەسند دەکەن تەئجیل بکرێت دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تەئجیل بکرێت دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ خاڵی دووەم تەئجیل کرا بۆ کاتێکی گونجاو.
خاڵی سێیەمان خستنەڕوو و گفتوگۆکردنە لەسەر پێشنیاری یاسای حیساب کردنی ماوەی خزمەتی دادوەری بەکرداری ئەندامە حقووقیەکانی پەرلەمان بۆ دامەزراندن و تەرقیە و تەرفیع، ئەم خاڵە پاش نیو کاتژمێری تر موناقشەی دەکەین، ئێستا نیو سەعات پشووتان دەبێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم بفەرمووێتە سەر سەکۆیەکە، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی جەنابیشت فەرموو، تکایە پرۆژەی یاسایەکە بخوێننەوە بەڕێز کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق

إستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءً على ماعرضه العدد القانوني في اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق،

قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ   /   /     تشريع مايلي:ـ

قانون رقم (   ) لسنة ٢٠٠٢

المادة الاولى:

تعتبر المدة التي يقضيها الحقوقي في عضوية المجلس الوطني لكوردستان العراق خدمة قضائية فعلية لغرض التعيين والترقية والترفيع.

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د. روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ پرۆژەکە داین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تەوزیحێکتان هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی لای برادەران وازیح بێت بۆ خۆی تەبعەن ئەندامیەتی پەرلەمان خەدمەی فعلییە بۆ هەموو برادەران بەنیسبەت تەعیین و تەرفیع و خەدمەی تەقاعودی، بەنیسبەت حقووقیەکان ئەگەر هاتوو لە پەرمانەوە بچنەوە سەر سلکی قەزا، ساڵانە ئەوەی حقووقینە یان موحامین هەویەکانیان لە نەقابەی موحامین نوێ دەکەنەوە بە خزمەتی موحامات ئیعتیباریان دەکەن، بەس ئەنجومەنی قەزا بەداخەوە ئەنجومەنی عەدل داوای پێنج دەعوا دەکات بۆ ساڵانە، مانای ئەوەیە ئەوەی ئەندامی پەرلەمانیش بێت دەبێت موتەفەریغ بێت لە پەرلەمان ناتوانێت دەعاوی ببینێت، مانای

وایە لەو مەجالە کابرا مەغدور دەبێت ناتوانێت دەعاوی تەقدیم بکات لەبەر ئەوەی موتەفەریغە لەو پەرلەمانە هەرچەندە بە خدمەی قەزائیشە، بەڵام ئەو مەرجەی لێ دەوێت، جا لەبەر ئەوەی تاکو خاضعی ئەو مەرجە نەبێت وەکو برادەرانی تر، ئەو بڕیارە بۆیە دەرچوو ببێتە خدمەیەکی قەزائی بۆ مەبەستی تەعیین و بۆ تەرقیەی صنف بۆ نموونە ئەگەر هاتوو تەعیین بوو وەک حاکم ئەو دە ساڵە، یان پێنج ساڵە یان شەش ساڵە لێرە مەغدور نەبێت لەگەڵ برادەرەکانی صنفەکەی بگۆڕێ و ئیستیفادەی لێ بکات بۆ تەرقیە و تەرفیع، بۆیە ئەو بڕیارە لە لایەن دە ئەندامی پەرلەمان پێشکەش کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ماددەی یەکەم بخوێنەوە لەگەڵ دیباجەکە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

إستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع مايلي:-

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢

المادة الاولى:

تعتبر المدة التي يقضيها الحقوقي في عضوية المجلس الوطني لكوردستان العراق خدمة قضائية فعلية لغرض التعيين والترقية والترفيع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا لەسەر وشەی (تعتبر) تێبینیم هەیە ئەگەر بکرێتە (تحتسب) وابزانم لەناحیەی صیاغەوە باش ڕێک دەکەوێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پرۆژەکەم بە تەئکید، ئەسڵەن ئەم پرۆژەیە تەئکید کردنە لەسەر ئەوەی کەوا هەر ماف پەروەرێک کە ئەندامی پەرلەمان بێت حەقی تەبیعی خۆیەتی کە ئەو خزمەتەی بۆ حیساب بکرێت بە دەلیلی ئەوەی پەرلەمان یان ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان جێی یاسا دانانە جێی تەشریعە، ئەو کەسەی بتوانێت تەشریع دروست بکات، ئەو کەسەی بتوانێت بڕیار وەربگرێت، بڕیارێک بۆ هەموو گەلی کوردستان وەربگرێت، یان یاسایەک دەربکات بۆ هەموو گەلی کوردستان بە تەئکید ئەو تەشریعە جێی ئەوەشە کە حیسابی بۆ بکرێت، کە ئەمە وەکو خدمەیەکی قەزائی ئەگەر وازی لە پەرلەمان هێنا بچێتە جێی خۆی، بەتایبەتی کە خۆی حقووقییە، من پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم لە جێی خۆیەتی پێویست بوو زووتر ئەمە بکرابایە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک فاضل رەئوف فەرموو.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە برایانی لیژنەی یاسایی، ئایا ئەم یاسایە ئەو یاساییانە ناگرێتەوە کە لە ژیانی پێشمەرگاتی لە دەرەوە بوون و خزمەتێکی زۆریان هەبووە؟ ئایا ئەمە شموولی ئەوان ناکات؟ بۆ ئەوەی ئەوانیش حەقیان نەفەوتێ؟ لەگەڵ زێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حەمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسای (السلطة القضائية) کە پێشتر دەرچووە لە یاسای ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٢ حەقی مومارەسەی فعلی دەدات بەو کەسانەی کە دەرچووی کۆلیجی یاسان و، هەندێ زەوابتیشی داناوە کێن ئەوانەی کەوا تەعیین دەبن بە حاکم، من پێم وایە لێرە ئەو فەقەرەیە هەموار بکەینەوە، فەقەرە حەوت (أ) باشترە لەوەی کە یاسایەکی تایبەت دابنێین و، هەروەها وەکو کاک فاضلیش ڕوونی کردەوە، حەز دەکەین ئیزافەی ئەو برا حقووقیانەش بکرێت کە لە شۆڕش بەشداریان کردووە تا پێشی راپەرین و، ئەوانیش مەغدور نەبن وەکو حاکم ئەو مودەیەیان بە خزمەت بۆ حیساب بکرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک نادر محمد قادر فەرموو.

**بەڕێز نادر محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ نەصی ئەو پرۆژەیەم، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەو برادەرانەی کە لە دەرەوە پێشمەرگە بوون بۆ ئەوانیش حیساب بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حاکم سەفەر مەحمەد حسێن فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەو بڕیارە، کە مافێکی تەبیعییە بۆ ئەندامان و هەموو برایانی ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارێک دەرچووە لەسەر تەقاعودی ئەندامان، یەعنی ئەندامی پەرلەمان تەقاعود دەکرێت، باشە ئەمە هیچ ئیشکالێک لەگەڵ قانونی تەقاعود دروست نابێت، یەعنی ئەو ئەندامی پەرلەمانی چ حقووقی بێت چ هەر فەرمانبەر بێت دەچێتن تەقاعود دەبێت، ئەوجا چۆن یەعنی دەچێتە سوڵتەی قەزائی؟ لێرە تەقاعود بووە، یەعنی بە عەقد دەچێت یان هەر ئەو پرسیارە ئیشکالێک دروست ناکات لەگەڵ قانونی تەقاعود؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرانەی وەکو کاک فاضل و کاک نادر داوایان کرد بۆ ئەو برادەرانەی دەرەوە، شتێکی زۆر زەرورییە، بەس ئێستا ئەو پرۆژەی بە دەست ئێمە وەیە، ئەو پرۆژەیە حازر کراوە، دائیمەن نیقاشیش لە زمنی ئەو پرۆژەیە دەکرێت کە پرۆژەکە لە ناو پەرلەمان نیقاشی لەسەر دەکرێت و،

ئیمکان هەیە ئەو برادەرانەی کە داوا دەکەن مەشروعێکی تر هەروەکو ئەو مەشروعە بە دە ئەندام تەقدیم بکرێت، ئەو جۆرە شتانە لەناو پەرلەمان موناقشە بکرێت و، ئەوانیش وەکو حقووقیەکانی تر حەقی خۆیانە و، تەعدیلی قانون ئەوەی کاک عەلی فەرمووی تەعدیلی قانونی سوڵتەی قەزائی پێمان باش نەبوو دەستکاری قانونی سوڵتەی قەزائی بکەین، چونکە قانونی سوڵتەی قەزائی بەڕاستی زۆر مەبادیئی تێدایە و نەمانویست دەستی لێ بدەین، تەنیا مەوزوع بڕیارێکە بۆ ئەوەی ئەو خزمەتە ئیعتیبار بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو برادەرانە مەغدور نەبن، کاک سەفەریش تەئیدی کرد، بەس ئەوەی کە کاک ئیبراهیم فەرمووی ئەوە پەیوەندی بە تەقاعودەوە نیە، چونکە ئەوە بۆ ئەو کەسەیە پێنج ساڵە ئەندامی پەرلەمانە لێرە و، دەیەوێ بچێت لە دادگا تەعیین بێت، کە تەعیین دەبێت لەو پێنج ساڵە داوای دەعاوی لێ دەکرێت، ئەگەر بە خدمە بۆی حیساب بکەن، وەکو بیەوێ ببێتە حاکم، دەیەوێ تەعیین بێت لە وەزیفەیەکی تر ناشتوانی دەعاوی ببینێ، چونکە دەعاوی نەیدیتوە هەر لەبەر ئەوەی بۆ پەرلەمان موتەفریغە، ئەگەر موتەفریغ بێت ناتوانێت دەعاوی ببینێت، مانای وایە ئەو پێنج ساڵەی خدمەی قەزائی لە کیسی دەچێت ناتوانێت ئیستیفادەی لێ بکات، لێرە تەنیا بۆ ئەو ئیستیفادەی شەخسییە پەیوەندی بە تەقاعودەوە نیە، ئەگەر هاتوو چووەوە وەکو ئەنجومەنی قەزائی ئیستیفادەی لێ دەکات، ئەگەر نا موتەقاعد وەکو ئەندامێکی پەرلەمان تەقاعود دەبێت، پەیوەندی بە شتی ترەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان هیچ تێبینی تر هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، بەڵام ئەگەر ئەو (تعتبر)ە بکرێتە (تحتسب).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ماددەکە، دیارە نیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە ماددەکە بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الاولى:

تحتسب المدة التي يقضيها الحقوقي في عضوية المجلس الوطني لكوردستان العراق خدمة قضائية فعلية لغرض التعيين والترقية والترفيع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی یەکەم بەگشتی

دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیــــدری:**

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز ســــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەی دووەم، دیارە نیە، ماددەی دووەمیش دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیــــدری:**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز ســــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی سێیەم، دیارە نیە، ماددەی سێ دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی سێ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیــــدری:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، دیارە نیە، ماددەی چوار دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی چوار بەگشتی دەنگ وەرگیرا، هەموو قانونەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو قانونەکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

زۆر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە شوێنی دوور بوون، ئیجازەکەیان پچڕی و هاتنەوە بۆ ئێرە، چونکە حەقیقەت بە ئامادە بوونی هەمووتان توانیمان ئەو دانیشتنانە بکەین، وەکو چاوتان لێیە (٥٣) ئەندامی بەڕێز حازرە، ئەگەر یەکێ لەم ئەندامە حازرانە

نەهاتبوایە، نەمان دەتوانی ئەو دانیشتنانەی ئەمڕۆ و دوێنێ بکەین و، دووەمیش ئیشمان دوا دەکەوت لە حەقیقەتدا، جارێکی تر سوپاسیان دەکەمەوە، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەمان، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**